www.kurdistannet.org
20-2-2007 18:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حیکمەتەکانی چاوی تۆ ... سەرهەنگ حەمە ساڵح (خامۆش)



سەراب لەژێر
هەورێکی ڕەش دا
بە نێو هەناسە قوڵەکانی
یادەکانی ئەوین تێدەپەری
کرێوەی خۆڵەمێشی قەدەر
دەروازەی خەمێکی ئاڵۆزە
کێڵگە ووشکەکانی
خەرمانەی حەزێکی سەرشێت
ئاو دەدەن. . . .
من هێشتا لە ئەفسونی
چاوەکانی تۆ نەگەیشتوم
بیرەوەری وولاتیکی وێرانی تیایە
خۆم لە نێو گێژاوی سیحریدا
وون دەکەم
دەست و قاچی ئەوینم دەبەستری
لە نێو ئەم بەندە پڕ ژانە
مەلی هەستم خولیای فڕینە
بۆ نیوۆ دارستانی بەفرو خوێن. . .
کە چی هێشتا من لە تاریکی
سۆمای چاوی پڕ گومانت
نەگەیشتووم
لە تروکانی ساتە بی وادەکانی
برژانگەکانت. . .
لە حەرفە تینوەکانی
نێوپێلوی چاوەڕوانیت
لە هاوارێکی تاساوی
نێو باوەشی خەندەی دیدارت. . .
لەژێر تارمایی برژانگەکانی تۆدا
زمان پێناسەی خەونێکی دێرینە
سەراب ڕێبواریکی
ژێر سێبەری هەورێکی ڕەشە
چاوەکانی تۆش هەر تاریکن
کە چی هەردوو گلێنەی چاوی تۆ
چرای ئەم دەڤەرە تاریکەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کە من هیچی تیا نابینم...!

Xamosh_serheng@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.